سەرۆک کۆمار جەختیکردنەوە لە پێویستی درێژدان بە هەوڵە ئەمنییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، جەختیکردنەوە لە پێویستی درێژدان بە هەوڵە ئەمنییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

سەرۆکایەتی کۆمار باڵوێکردەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، پێشوازیکرد لە فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی.

وتیشی لەو دیدارەدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 27-2-2025 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو ، پەرەسەندنی سیاسی و ئەمنی لە گۆڕپانی ناوخەیی و ئیقلیمی تاوتوێ کرا و سەرۆک کۆمار ئاماژێکرد بە پێویستی درێژدان بە هەوڵە ئەمنییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کارکردن بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان.

سەرۆک کۆمار جەختیکردنەوە لە گرنگی پاراستنی ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسییە کە لە ئێستادا عێراق بەخێیەوە دەبینێ و کارکردن بۆ چەسپاندنی ئەو سەقامگیرییە بە شێوەیەک کە هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و هەوڵەکان و باشترکردنی دۆخی خزمەتگوزاری مسۆگەر بکات ، لە هەمان کاتدا ستایشی قوربانییە گەورەکانی ئێندامانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد شانبەشانی براکانیان لە تێواوی هێز و پێکهاتە ئەمنی و سەربازییەکان لە بەرگریکردن لە عێراق و گەلەکەی.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، بەتایبەتی پێشهاتەکانی فەلەستین و ئەو گۆڕانکارییانەی لە سوریا ڕوودەدەن و هەوڵەستی عێراق لەبارەیانەوە، کە تیایدا جەخت لەسەر پێویستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کرایەوە بۆ شۆڕشێک کە بەرژەوەندی هاوبەش بەدەستبهێنێت.